# دیسان ڕەخنەو ڕەخنەکاری

مصطفى صالح كريم

ڕەخنە بە دیوە جوانەکەیدا واتە جوانکاریو شیی کردنـەوەی ناوەڕۆك و ڕێنمـاییکـردنی خوینەرو ڕووناك کردنەوەی ڕێگـای تاریك و هانـدانـی نووسـەر بو بڕینـی ئەو هەورازە سەختەی لە بەریەتی.

بەلام بە دیوە دزێوەکەیدا دەبێتە تانەو تەشەرو سەروگـوێـلاك کوتـانـەوەو سەر کوێـرکـردنی داهێنەرو چاندنی چقل وپەیکولی لە ڕێگایدا، سەرەڕای چاوبەستی خوێنەریش.

زۆرن ئەو ئەدیبانەی لە جیهانی ئەدەبدا، لە هەمـوو کەل و قوژبنێکی ئەم دنیـایـەدا بێزاریی خۆیـان بەرانبـەر ئەوانـە دەربڕیـوە کە بە ناوی ڕەخنەگرییەوە لێیان بوونەتە ڕێگر!

ڕۆشنبیـران بەگشتیو چیـرۆکنـووسـەکانمان بەتایبەتی، ئەوە دەزانن کە «چیخـوف» لەتـەك «ئیـدگارئەلن پۆ»ی ئەمەریکاییو «مۆپاسان»ی فەرەنسایی بە سێ کوچکەی کورتە چیرۆك دادەنرێن.

ئەی دەبێ چی وای لەم «چیخوف»ە لوتکەیە کردبێ کە بێزاریی خۆی بەرامبـەر ئەو نیمچە ڕەخنـەگـرانـە ئەوەنـدە بە شێـوەیەکی تاڵ دەبڕێ کە خوێنەری ئاسایی هەست بە سوێی زامەکانی بکات.

ئەوەتـاوتـویـەتی: «لـەو مێشـە دەچن کە بە دەوری کلکی ئەسپدا گیـزەی دێ بۆ ئەوەی وەرزی بکـات و ئارەزووی حیلانـدنی تێدا بوروژێنێ... چونکە ئەو مێشەش دەیەوێ بۆ ئەسپەکەی بەلمێنێ کە ئەویش هەیە».

«خیری منصور» لە سەر ئەم وانەیەی «چیخوف» دەڵێ:

«بە هەرحاڵ هەموو ڕەخنەگرێك مێشەکەی لەمەڕ چیخوف نیە، چونکە ئەگەر ڕەخنەگر لە تەك داهێنەرا قورسایی گالیسکەکە بگرێتە ئەستـۆ، ئەوا ئەویش دەبێتـە ئەسپێکی‌تـر»[1] منیش لای خۆمـەوە هەروای دەزانم کە ڕەخنـەگـری ئەوتـۆ هەیـە لە ئەسپـەکە ڕەسەنترە، بەلام وا دیـارە مێش و مەگـەزی وا لە چیخـوف پەیـدابـوبن کە

لە کوێیانە؟... هێشتا زۆریان ماوە بگەنە شار. بگرە زۆریشیان ماوە بگەنە سەر لووتکەی گۆیژە. ئای ئەوە بۆچی ناگاتە شار؟! بۆچی گۆیژە نابڕێت؟.. هەر ئەم گۆیژەیە نەبوو چەند جارێك بە گۆرانی وتن پیـایدا سەرکـەوتـووەو، بارەداری بۆ سلێمـانی بردووە؟! بەڵام ئێستا بەفرو وەیشوومەیە. گۆیـژەش بەسەر پیاوی هەژاردا زەبری خۆی دەنوێنێ.

گوێـدرێـژەکـەو حەمـە هەرچـۆنێـك بوو بە نیوە مردوویی خۆیان کێش کرد، ها نزیك سەری گۆیژە بوونەوە. بەڵام هەر زۆریان ماوە بگەنە شار.

ئیتر حەمە نەیتوانی هەنگاوێکی دی بنێت بێچرکە لەپەو ڕوو لێکـەوت. هەست و هۆشی تێکـەڵـو پێکـەڵ بوو.. هیچی لە هیچ جیـانـەدەکـردەوە. ڕەشەباو بەفریش هەر سەرو گوێلاکیان دەکوتایەوە گرمـۆڵـەبـوو، هیـچ ئاگـایێکی لە خۆی نەمـا. بەڵام لە پڕێك دا ئارەزووی ژیـان بە هەمـوو تین و تەوژمێکی یەوە خۆی بە گیـانیدا دایەوە. بە خێرایی هەستایەوە سەرپێ‌و، بۆ پێشەوە خۆی کێش کرد. سەرێکی هەڵ بڕی... ئەوە گەیشتـوّتـە کوێ!! کورە خۆ لە سەر لووتکـەی گۆیـژەیە! ئەوەتـا سلێمـانیش لە بناری‌یـەوە.. لەو دەمەو بەیـانی‌یـەدا، وەکـو بووکێکی نازدار لە ناو پێخـەفی گەرم و نەرم دا، چاوە خەوالـووەکـانی هەڵ دەگلۆفێ‌و، باوێشـك دەدات... هێشتا گڵۆپەکانی نەکوژابوو نەوە.

حەمـەش ئاواتـەخـواز بوو کە لەو شارەدا، ئێستـا لە ناو لێفـەو دۆشـەکی گەرمـو گوڕدا پرخـەی بهـاتـایـە هەروەهـا بە ئاواتی تەنیـا پشکۆیێکیشەوە بوو، تا کڕنووشی بۆ هاڵاوەکەی ببردایە. بەڵام بۆ ئەم هەژارە نە ئاگـر هەیـەو، نە لێفـەی گەرمـو گوڕ... بەفـر، ڕەشەبا، تەرزە، باووە، زەریان، بەش و چارەنووسی بەتی: ئەگەر ئێستا بوی دەست نادات لە ناو جێگەی گەرمو گوڕدا ئەم دیوو ئەودیو بکات.. با لە ناو دەریـای بەفـرو سەهـۆڵ دا بۆ خۆی مەلـەبکـات. ڕاستـە گەیشتـوّتـە لووتکـەی گۆیـژە، بەڵام هێشتـا زۆری ماوە بۆ مەلبـەندو لووتکـەی ئاواتی دابـەزێت. بگـاتـە شاری سلێمـانی. تۆ بڵێیت بگات؟! «ئایا دابەزین بۆ لووتکەی ئاوات، دژوارو گرانتر نی‌یە لە سەر کەوتن بۆ لووتکە؟!»

دیسـانـەوە لەشی ساردبـۆوەو، لە جووڵـە کەوت.. گوایە ئەمـە کەوتنی دواجـاریـەتی؟ نەخێـر، ئەم لاوە خوێن گەرمـە ژیـانی زۆر خۆش دەوێـت... بۆیـە ئاوا لە دژی مردن دەجـەنگـێت.. پاش کەمێك بە چنگـە کرێ خۆی گەیـانـدە گوێـدرێژەکەی بە داخەوە.. گیانی دەرچووبوو.. سەرما لاشەکەی بەستبوو.

ئەم گوێدرێژەش نەگبەت و چارەڕەشە کە تووشی ئەو ماڵە هەژارە بووە... هی خوایێ داوێك بوایە، ئێستا لە جیاتی مردن، لە تیریدا لووتی لە ئالیك دەدا.

ناچارین دان بەوەدا بنێن کە هێشتا سرووشت بە هێزترە لە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەش دا حەمە بە هیچ جۆرێك نەی‌دەویست بمرێت، بەڵام بە دەستی ڕووت بەرامبەر ئەو هێزە لە ئەندازە بەدەرە چی پێ دەکرێت؟!

پاش ئەو گشتە ماندوو بوونەی، کاتی ئەوەی هاتووە پشووی هەتا هەتـایی بۆبـدات سەری خستـە سەرسکی «کـەرەکـەی»و خۆی بە دەست گیان کێشانەوە دا..

دوا دیمەن کە بە بیرە ئاڵۆزەکەیدا تێپەڕی، ماڵەوەی بە هەموو کەسـاسی یێکـەوە هاتە بەرچـاو. ئاخ، فریـانەکەوت دڵی ئەوانیش و خۆیشی خۆش بکـات!.. دڵخۆش کردنی چی؟. ئێستـا لەوانـەیە باوکـە نەخـۆشـەکـەیشی مردبێت لەم دوایـادکـردنەوەیدا هەناسەیێکی قووڵی هەڵ کێشـا. دوو دڵـۆپ فرمێـسکی گەرم بە سەر ڕوومـەتـە سەهۆڵاوی‌یەکانیدا هاتە خوارەوەو، گیانی دەرچوو!!

حەمـە بوو بە کۆرپـەیێـکی نازدارو، دایکـە سرووشتیش زۆر دڵسـۆزانە بە لێفەی بەفر دای‌پۆشی.

* * *

بەڵێ حەمـە بەم کەسـاسی‌یـە مرد. ئاد وا هەنـاسـەشی لە دژی سرووشت و هێزی مردن گڕا.. بەڵام لە دوایی‌دا کە خەڵکی ڕێیان کەوتە سەر لاشەکەی.. هەر ئەوەندەیان وت: «ئا ئەمە زەلامێکە لە ناو بەفردا ڕەق بووەتەوە!»

* * *

تێبینی: -

١ - ئەمە دووەم چیرۆکمەو، لە ساڵی «١٩٦٧»دا دام ناوە هەر لەو ساڵەش دا لەئێسگەی کوردیی بەغدا، لە گۆشەی چیرۆکی هەفتەی «کاك کەمال ڕەئووف»دا خوێنرایەوە.

٢ - لە خوێنەری ئازیزی ناشارمەوە کە ئێستا کەمێك دەستکاریی ئەم چیرۆکەم کردووە.